# تێڕامانێك له بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیستی و گرفته‌كانی

**به‌شی سێیه‌م**

بژار
2005-4-27

مه‌سه‌له‌ی ڕابه‌رایه‌تی كردنی به كۆمه‌ڵ له حزبه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیستیدا , ته‌واو پێچه‌وانه‌یه له‌گه‌ڵ ڕابه‌رایه‌تییه‌كانی ئێستادا . ڕابه‌رایه‌تی كردنی به كۆمه‌ڵ , ده‌ست نیای ڕیزه‌كانی خواره‌وه ده‌بێت , ئه‌وان ئه‌ركه چینایه‌تییه‌كان و بڕیاره‌كانی بۆ دیاری ده‌كه‌ن , له جه‌رگه‌ی خه‌باتی سیاسی ڕۆژانه و هۆشیاری كۆمه‌لایه‌تی ئه‌وانه‌وه جڵه‌وی كاره‌كانی حزب به ده‌سته‌وه ده‌گرێت . یانی مه‌ركه‌زیه‌ت ده‌بێت له خواره‌وه بێت نه‌ك له سه‌ره‌وه . سه‌ره‌وه به‌و ئه‌ندازه‌یه ئه‌و مه‌ركه‌زیه‌ته وه‌رده‌گرێت كه خواره‌وه بۆی دیاری كردووه . هه‌موو پێشنیار و باس و تازه‌گه‌ری و هۆشیارییه‌كی په‌ره‌سه‌ندووی سه‌ره‌وه ده‌بێت له خواره‌وه گه‌لاڵه بكرێت و له‌وێوه مۆڵه‌تی فۆرمه‌له‌به‌ندی و په‌خش كردنه‌وه و به‌رجه‌سته كردنه‌وه‌یه‌كی سه‌رانسه‌ریانه‌ی له ڕیزه‌كانی حزبدا پێ بدرێته‌وه .

ڕابه‌رایه‌تی ده‌بێت ته‌نیا وه‌كو هه‌یئه‌تێك كاری یه‌كخستنی ڕیزه‌كان و گیرساندنی ڕاوبۆچوونه‌كان بێت له بۆته‌یه‌كی گشتیدا . كاری یه‌كخستن به مانای فه‌رمانداری كردن نا به سه‌ریانه‌وه , به‌ڵكو له ڕێگای ووتووێژی ئازادانه و گه‌یشتن به ڕه‌خساندنی زه‌مینه‌یه‌كی له‌بار بۆ ئه‌و یه‌كخستنه . گیرساندنی ڕا و بۆچوونه‌كانیش به مانای ساغ بوونه‌وه‌ی ئازادانه‌ی ئه‌ندامان به پێی لۆژیكی بردنه پێشه‌وه‌ی كاره‌كانی حزب له سه‌ر هه‌موو بابه‌تێك كه دێته گۆڕێ (دێته كایه‌وه ) . ڕابه‌رایه‌تی به‌و مانایه چاودێری حزبه , كه خۆی له ژێر چاودێری ڕیزه‌كانی خواره‌وه‌دایه , وه به‌و مانایه‌ش ده‌سه‌ڵاتداره , كه خۆی له ژێر ده‌سه‌ڵاتی ڕیزه‌كانی خواره‌وه‌دایه . ڕابه‌رایه‌تی نابێت فه‌رمان ده‌ركه‌ر بێت , ده‌بێت فه‌رمان وه‌رگر بێت . ئه‌و خۆی هێز نییه , به‌ڵكو نماینده‌ی هێزه . ئه‌و نابێت ده‌سه‌ڵاتی ئه‌ندام ده‌ركردنی هه‌بێت , به‌ڵكو هه‌موو ئه‌ندامان پێكه‌وه ده‌سه‌ڵاتی هێنانه خواره‌وه‌ی ڕابه‌رایه‌تی و ده‌ركردنی هه‌ر كه‌سێكیان هه‌یه كه پێودانگی ( ئوسوڵی ) چینایه‌تی بۆ ئه‌و ده‌ركردنه بیگرێته‌وه . یانی ته‌نانه‌ت نه‌ك ڕابه‌رایه‌تی , به‌ڵكو ڕیزه‌كانی خواره‌وه‌ش كه سه‌رچاوه‌ی هێزن له حزبدا , نابێت توانای ده‌ركردنی ئه‌ندامێكیان هه‌بێت كه سنووری دیسپلینی چینایه‌تی له حزبدا نه‌شكاندبێت و به كرده‌وه و به ئه‌نقه‌ست و به گوێره‌ی سه‌لماندن به به‌ڵگه‌ی ده‌م كوته‌وه نه‌كه‌وتبێته خزمه‌تی چینی بۆرژواوه .

به‌م شێوه‌یه‌یه كه ئازادی به‌رقه‌رار ده‌بێت بۆ ئه‌ندامان , لێره‌وه‌یه كه مافه مه‌ده‌نییه‌كانی ئه‌ندامان ده‌پارێزرێت . تا گه‌وره‌یی ڕابه‌ران و ئه‌ندامان له حزبدا نه‌بن به یه‌ك , نه بیرۆكراتیه‌ت له ناو حزبدا لا ده‌چێت و نه حزبیش په‌یوه‌ست ده‌بێته‌وه به چینی كرێكاره‌وه .
تێكه‌ڵاو بوونه‌وه‌ی ئه‌ندامان و ڕابه‌رایه‌تی , ده‌بێت له سه‌ر ناچار كردنه‌وه‌ی سه‌ره‌وه بێت بۆ وه‌رگرتنی ناسنامه‌ی ئه‌ندامێتی خواره‌وه . ده‌بێت له سه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی سه‌ره‌وه بێت به شێوازی ئاره‌زوو مه‌ندانه‌ی خواره‌وه . ده‌بێت ڕازی بوونی خواره‌وه , به مانای جێگیر بوونی سه‌ره‌وه بێت . له ڕێگه‌ی گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌ی سه‌ره‌وه‌یه بۆ خواره‌وه , كه ده‌توانرێت ده‌سه‌ڵاتی حزبیی بگوێزرێته‌وه بۆ چینی كرێكار . مه‌یدانی پیاده كردنی دیسپلین له حزبدا , لێره‌وه دروست ده‌بێت . دیسپلینی حزبیی پێش ئه‌وه‌ی حزبیانه بێت , چینایه‌تییانه‌یه . نامۆ بوونی ئه‌ندامان به پیاده كردنی دیسپلینی حزبیی له دابڕانی ئه‌م دیسپلینه‌وه‌یه له ئه‌سڵه چینایه‌تییه‌كه‌ی .

ئه‌وه‌ی نوێنه‌رایه‌تی دیسپلینی چینایه‌تییانه‌ی كرێكاران ده‌كات , ڕیزه‌كانی خواره‌وه‌ی ته‌شكیلاته, نه‌ك ڕابه‌رایه‌تی . به‌و ئه‌ندازه‌یه ڕابه‌رایه‌تی ئه‌م ئه‌ركه گشتیی ده‌كاته‌وه كه له خواره‌وه پێی ده‌سپێردرێت . ناكۆك بوونی ڕابه‌رایه‌تی له‌گه‌ڵ ڕیزه‌كانی ته‌شكیلاتدا بایه‌خی نییه , له بنه‌ڕه‌تدا ناكۆك بوونی ڕیزه‌كانی خواره‌وه‌ی ته‌شكیلات له‌گه‌ڵ ڕابه‌رایه‌تیدا بایه‌خی هه‌یه . په‌یدا بوونی هه‌موو ناكۆك بوونێكی له‌م جۆره به كه‌موكووڕیی ڕابه‌رایه‌تی له قه‌ڵه‌م ده‌درێت و ده‌بێت به لێپرسینه‌وه و ئاڵوگۆڕ كردنی , یان هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی سه‌ر له نوێی

ڕابەرایەتی و بە زووترین کات چارەسەر بکرێت . درێژ بوونەوەی هەموو جۆرە ناکۆکییەکی نێوان ئەم دوو جەمسەرەی حزب , بە گەڕانەوە و سەنگەر گرتنەوەی بیرۆکراتیەت کۆتایی دێت . ئەم جۆرە دیاری کردنەی هەڵسووڕانی ڕابەرایەتی لە لایەن خوارەوە , لێدان لە کەسایەتی هیچ ڕابەرێك و پێشێل کردنی هیچ جۆرە ئازادییەکی هەڵسووڕان و مافە مەدەنییەکانی ئەو نییە .

پەیدابوون و ساز بوونی ئەم بارودۆخە لە ناو هەر حزبێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە هەر شوێنێکدا بێت , بە دەیان ڕابەر لە ناو حزبدا بۆ چینی کرێکار دروست دەکات , هۆشیاری چینایەتی ئەندامان بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەباتە پێشەوە , شەڕی کورسی و پلەوپایە لە ناو ڕیزەکانی
تەشکیلاتدا و بە تایبەتی لە بەشی سەرەوەیدا ناهێڵێت , ئەرکە داگیر کراوەکانی ئەندامان لە ڕابەرایەتی وەردەگرێتەوە و ڕابەرایەتی ناچار دەکات بۆ هێنانەوەی ئەرکە لابراوەکانی خۆی . خاڵی لێوەهەڵسانی گرفتەکان , چۆنیەتی پێکهاتەی حزبییە , وە گرفتی ئەسڵیی لەم پێکهاتەیەدا ئەو دوو ئۆرگانەی سەرەوەیە ( ناوەندی و مەکتەب سیاسی ) . قڵم بوونەوەی ئەو بارودۆخە ناوەکییە , دەبێت لەو دوو ئۆرگانەوە دەست پێ بکات . بیرۆکراتیەت لە حزبدا , لە دایك بووی چۆنیەتی پێکهاتەی ئەو دوو ئۆرگانەیە . ئەمانن کە حزب لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سەروو چینایەتیدا شکڵ پێدەدەن . ئەمانن کە ڕێگای ڕۆشنبیرانەی سەردەمی ڕاپەڕین ( ڕێنیسانس ) لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا دەگرنە بەر . لە ڕاستیدا لێدان لەو دوو ئۆرگانە , لێدانە لە ئەڵقەی زنجیرە مەراتیب لە حزبدا . دابڕانی حزب لە چینی کرێکار لە ڕابەرایەتییەوە دەست پێ دەکات , وە لێدانەکەشی دەبێت لەوێوە بێت .

هەموو جۆرە چاکسازییەك لە حزبدا , ناتوانێت چارەسەری ڕیشەیی بێت بۆ کێشەکان . ڕێگای دەرباز بوون هەڵوەشاندنەوەی حزبە بەم شێوەیەی ئێستایی و دروست بوونەوەیەتی لە سەر تێهەڵکێش بوونیەوە بە چینی کرێکارەوە . دروست بوونەوەی حزب دەبێت لە سەر بناغەی یەکسانی بوونی هەموو ئەندامان بێت لە هەر شانە و ئۆرگانێکدا هەبن . وە دەبێت ئازادییەکان و مافەکان و دەسەڵاتەکان بۆ هەموویان چوونیەك بێت . مادەم چینی کرێکار لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا , جێخستنی ئەوپەڕی ئازادی و یەکسانی لە ئەرکە چینایەتییەکان و خاسیەتە بنەڕەتییەکانیەتی , کەواتە حزبی ڕاستەقینەی ئەویش هەمان شت لە سەر ئاستی کۆمەڵگا لە خەباتیدا بەرجەستە دەبێتەوە . ئەگەر لە سەر ئاستی کۆمەڵگا بۆ حزب ئەوە ئامانج بێت , کەواتە پێش ئەوە لە ڕیزەکانی تەشکیلاتدا دەبێت ئەو مەسەلەیە بڕابێتەوە . نە هەڵوەشاندنەوەی حزب بە تەنیا و نە چاکسازیش تیایدا , چارەسەرێك بۆ گەڕاندنەوەی حزب بۆ چینی کرێکار بە دەستەوە نادات . تەنیا چارە لە ناو حزبدا شۆڕشە . هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئۆرگانەکان و هەموو حزب خۆشیەتی , بەڵام بە دامەزراندنەوەیەکی چینایەتییانەی فراوانەوە . یانی مەسەلەی شۆڕش کردن لە حزبدا هەر تەنیا تێك و پێکدانی نییە بەڵکو گۆڕینی سەرلەبەری چۆنیەتی پێکهاتە و دروست کردنەوەیەتی بەو شێوەیەی کە بەشێکی جیا نەبووەی چینی کرێکار بێت . یانی بەو مانایەی کە لە حزبدا چینەکە و لە چینەکەشدا حزبەکە ببینرێت .

دەبێت گیانی کۆمۆنارەکانی کۆمۆنەی پاریس لە ناو حزبدا بێت , دەبێت دڵی ئەوان لە حزبدا لێبدات . من بۆ خۆم ئەم ڕابەرایەتییانەی ئێستا بە تاکڕەوی دەزانم , چونکە زنجیرە مەراتیب بۆ خۆی بیرۆکراتی و , بیرۆکراتیش بۆ خۆی تاکڕەوی دروست دەکات . بێ هۆ نییە کە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم سەرکەوتن بە دەست ناهێنن . بێ هۆ نییە کە ئەندامانی چینی کرێکار سڵیان لێ دەکەنەوە . بێ هۆ نییە کە لەگەڵ هەموو هەوڵ و کۆششێکیاندا ناتوانن جەماوەریی ببنەوە . بێ هۆ نییە کە بەیناوبەین لە ناویاندا جیاوازییەکان پەرە دەستێنن و لە یەکتری جیا دەبنەوە . هەمووی لە دابڕانی حزبەوە هاتووە لە چینی کرێکارەوە . گەڕانەوە بۆ ئەو ئەسڵە , گرفتەکان چارەسەر دەکات . ئەو گەڕانەوەیەش گۆڕانکاری ڕیشەیی دەوێت لە ناو حزبدا . شۆڕشی دەوێت . لە بەر یەك هەڵوەشاندنەوە و دروست بوونەوەی دەوێت . مەسەلەکە پێش ئەوەی پەیوەندی بە کەسەکانەوە هەبێت , پەیوەندی بە سیستمە حزبییەکەوە هەیە . بۆ گۆڕانکاری بە سەر یەکەمیاندا دەبێت گۆڕانکاری بە سەر دووەمیاندا بێت . ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ , ئاستی ڕابەر دانابەزێنێت , لە خۆشویستنەکەی کەم ناکاتەوە ,

مەیدانی چالاکییەکانی بەرتەسك ناکاتەوە . ئەوە تەنیا لە ڕابەرایەتی تاکڕەویدا ئەو گرفتانە دەبن بە کەتوار ( واقیع ) . ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ حزب بە ڕووی کۆمەڵگادا دەکاتەوە , حزب لە مەترسی کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی یەکێك یان چەند کەسێکدا بۆ ئێجگاری دوور دەخاتەوە , دیاردەی لادانی حزب تیا دەبات , ڕێکخراوە جەماوەرییەکان گەورەتر و کۆکردنەوەیان لە دەوری حزب زیاتر دەکات . ئەگەر کاری حزب ڕێکخستنی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سۆشیالیزم لە ڕێگەی حوکومەتی کرێکارییەوە , ئەوا کاری ڕابەرایەتیش ڕێکخستنی ڕیزەکانی تەشکیلات و شکڵ پێگرتنی کرێکارانەی حزبە .

دریژەی هەیە